کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 3:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کوردی کامیلوئەوساف! ... ئامانج شاکەلی**

دوێنێ سایتی کوردستاننێت، ژمارەیەک وێنەی ڕێوڕەسمی تەسلیمکردنەوەی ئەو هەشت سەربازە تورکە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان بەدیلگیراو، بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردبۆوە. کارم بەو نییە ئەو ڕێوڕەسمە بە زیان یان بە سوودی کوردە، دڵی تورکیای پێ دەدرێتەوە یان نا، جەنەراڵەکانی تورک لە بیری هێرشکردنە سەر کوردستان پەژیوان دەبنەوە یان نا. ئەوانە کاری سیاسەتمەداران و سیاسەتەوانانی زۆر و زەبەندەی میللەتە هەژبەسەرەکەمن.

ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم، دیمەنی تەوقە کردنی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەریمی کوردستان، عوسمانی حاجیی مەحموودە لەگەڵ ئەو سەربازە تورکانەدا. سەربازەکان هێندە لووتبەرزانە بڕوا بەخۆبووانە دەگەڵ وەزیری ناوخۆدا تەوقە دەکەن وەکو ئەوەی وەزیر دیل بێت و ئەوان پاسەوان! تەنانەت یەکێک لەو سەربازانە هێندە بە چاوێکی سووک تەماشای وەزیر دەکات، کە من لێرەوە شەرم دەیگرتم!

پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ دەبێ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەوقە لەگەڵ ئەو سەربازانەدا بکات؟ ئایا ئەوە خۆ بە سووکزانین و هەلپەرستی نییە؟ ئەدی بۆ تورکیای دۆست! و پشت و پەنا ڕێگەی نەدا بە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی نێوان عێراق و تورکیا بەشدار بن؟ تەنانەت وەک دەڵێن ڕێگە نەدراوە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە کۆبوونەوەی نێوان نووری مالیکی و ئەردۆغاندا بەشدار بێ! ئەمە لەکاتێکدا بەپێی هەموو یاساو ڕێسایەک دەبێ وەزیری دەرەوە لەو تەرزە کۆبوونەوانەدا بەشدار بێت. تاکە هۆکاری ڕێپێنەدانی تورکەکان بە بەشداری زێباری، تەنها کورد بوونی ئەوەو هیچی تر!

گلەییم لە دەوڵەتی تورکیا و ئەو سەربازە دیلانە نییە، بەڵکو دەسخۆشییان لێدەکەم و ئافەرینیان پێدەڵیم. هەقی خۆیانە، میللەت دەبی لووتبەرز و دەوڵەتیش دەبێ خاوەن هەڵوێست و بڕوای بە ئیرادەی میللەتەکەی خۆی هەبێت. نەک وەک میللەتە نەگبەت و خۆبەکەمگر و نۆکەرسیفەتەکەی ئێمە و بەرپرسە ترسنۆک و هەمیشە دەست بەسنگەوە گرتووی بەرامبەر دوژمنان و کەڵەشێری هاوڕەگەز فرێن و میللەت نەناس و کورتبینەکانی خۆمان.

هیوادارم سبەینێ ڕۆژنامەکانی تورکیا، ئەو وێنە شەرمهێنەرانە بە مانشێتێکی ئابڕووبەرانەوە بڵاونەکەنەوە.

ئیلاهی ئامین!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.